کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٠٩-نیوەی دووەهەمی جوزەردانی١٣٩٩-ژوئەنی ٢٠٢٠


## کوژرانی ئاسیەپەناهی لە ساڵرۆژی یەکێک لە ئاخێزەکانی خەڵکی پەراوێزنشیندا

ل٥







## ناتوانم هەناسە هەڵکێشم!

ل٦

## فەلەستین، ٧٢ ساڵ کارەسات

ل٨





## لەژێر دەسەڵاتی ئەم ڕژیمەدا، هیوای گەیشتن بە ژیانێکی ئاسوودە و ژینگەیەکی سالم بێ مانایە

ل٦



## بۆچی کۆماری ئیسلامی لە بزووتنەوەی موعەلیمان دەترسێ؟

ل٧

سەروتار

## با خۆمان بۆ گۆرانکاریەکانی سەردەم ئامادە کەین

### دەقی وتوێژی فەرهاد شەعبانی لە گەل ئیبراهیم عەلیزادە لە بەرنامەی " کۆمەلەو هەلسوراوان" تەلەویزیونی کۆمەڵە

فەرهاد شەعبانی: هاورێ برایم ئەمرۆ ٢٥ ی مانگی گوڵان، سالهاتی ئەو رۆژەیە کە مەقەرەکانی ناوەندی کۆمەلە لە ناوچەی رانیە لە دۆلی بۆتی لە لایەن ئەرتەشی سەدام حوسینەوە بومبارانی شیمیایی کران و تێیدا ژومارەیەك کادر و پێشمەرگەی کۆمەڵە گیانیان بەخت کرد و هاورێیانێکی زۆریش بە گازی شیمیائی مەسموم بوون. زۆرم پێ باشە ئەگەر ئیوەش پێتان باش بێ سەرەتای گوفتوگوکەمان بەو یادەوە دەست پێبکەین و لێدوان و یادەوەری ئیوە سەبارەت بەم رووداوە ببیستین؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڕاستی ئەوە یەکێك لە بیرەوەریەکانی زۆر تاڵی ژیانی سیاسی و پێشمەرگانەمە. ئەو ڕۆژە من لە مەقەری ناوەندی کۆمەڵە لە بۆتێ بوم. ڕێك ٣٢ ساڵ لەوە پێش بوو کە ڕژیمی بەعسی عێراق مەقەرەکانی ناوەندی کۆمەڵەی لە دۆڵی بۆتێ بۆمبارانی شیمیایی کرد. ئەوە یەکەم جار نەبوو ڕژیمی بەعسی عێراق هێرشی دەهێنا سەر بارەگاکانی ناوەندی ئێمە. پێشتر لە دۆلی جافایەتی لە مالومە و دەوروبەری بە تۆپخانەی ئەرتەشی عێراق چەندین جار تۆپباران کرابووین و ژمارەیەك لە هاورێیانمان لەوێ گیانیان بەخت کردبوو، هەروەها لە دۆڵی بۆتێش جاری دیکەش هەر بۆمباران کرابووین ، بەلام ئەو جارە بۆمبارانی شیمیایی بوو و جارەکانی پێشوو بۆمبارانی عادی بوو. لە جەریانی ئەو بۆمبارانەدا ٢٣ کادر و پێشمەرگەی کۆمەڵە لە چەند چرکەیەکدا گیانیان بەخت کرد و ١٥٠ کەسیشمان بە گازی شیمیایی مەسموم بووین کە دواتر زۆربەمان چاك بووینەوە. ئەوەیکە جیگای سەرنجە ئەوەیە کە خەڵکی مەنتەقەی ڕانیە و خەڵکی ئەو دۆڵ و دەوەرە کە ئەو وەختە لە دەوروبەی ئێمە بوون و مەنتەقەیەکی ڕزگار کراو بوو، لە دەرەوەی دەسەڵاتی ڕژیمی بەعسی عێراق ، بە خێرایی بەهانامانەوە هاتن و ڕەنگە ئەگەر یارمەتی ئەوان نەبوایە زیانەکان زۆرتر بوایەن و ئازارەکانی زۆرتر . بۆیە هەمیشە و هەموو ساڵێك لەو ڕۆژەدا سپاس گوزاری خۆمان هەم پێشکەش بەوان هەم پێشکەش بەو دوکتر و پزیشکیارانەی لە شاری سلێمانی و لە شاری ڕانیە هەر ئەو وەختە و هەر ئەو ساڵە و ئەو ڕۆژانە لە ژێر فشاری بەعسدا بوون و هەڕەشەی بەعسیشان بە سەرەوە بوو، یارمەتیان داین بە چاك کردنەوە بریندارەکانمان و پێگەیاندنی کەلوپەلی پێویست دژی ئەو ژەهرەی کە بڵاو ببووەوە. ڕەنگە ئەوەی وەکوو بیرەوەری یا وەکوو لێکدانەوەیەك پێویست بێت ئێستا باسی بکرێت ئەوەیە کە بۆچی ڕژیمی بەعسی عێراق ئەو کارەی کرد و ئێمە بۆچی کەوتبووینە بەر هەڕەشەی ڕژیمی بەعسی عێراق، لە حالێکدا ئێمە جۆرێك پێوەندی دیپلۆماسیان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق هەبوو، لە بەغدا و لە کەرکووك و لە سلێمانی ئێمە دەفتەری نوێنەرایەتیمان هەبوو و هاتووچۆکانمان بۆ دەرەوەی وڵات لە ڕێگای بەغداوە جێبەجێ دەبوو و گەلێك ئاسانکاری لەو چەشنە کە لە ڕێگای بەعسی عێراقەوە پێمان دەگەیشت. بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەو پێوەندیەی کە ئێمە لە گەڵ دەوڵەتی عێراق بوومان نەیتوانیبوو، پێوەندی ئێمە لەگەڵ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان و لەگەڵ بزووتنەوەی چەپ و ڕادیکاڵ لە کوردستانی عێراق بپسێنێت و بە درێژایی ئەو ساڵانە کە ڕادیۆی کۆمەڵە و ڕادیۆی دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە بەرنامەی بڵاو دەکردەوە، تێکۆشەرانی کۆمۆنیستی کوردستانی عێراق ئەو بەرنامانەیان دادەبەزاند و چاپیان دەکرد و بڵاویان دەکردەوە. بە دەیان کەس لەوانە لێرەو لەوێ لە تەفتیشی ماڵەکانیاندا لە سەر جادە و ڕێگاوبانەکان دەستگیر کرابوون و لە ژێر ئەشکەنجەدا بوون و بەڵگە نامەیان یان کەوتبووە دەست ڕژیمی بەعس. بێجگە لەوانە هەر لەو وەختەدا کە لە دۆڵی جافایەتی بوین لە ئاوایی مالومە، هەبوون ڕێکخراوی چەپ و کۆمۆنیستی عیراقی و کوردستانی کە گۆڤارەکەیان لە لای ئێمە دەر دەچوو. ئێمە بە هیچ جۆرێك نەماندەویست پێوەندی

## سۆسیالیسم بەدیلی ڕزگاری کۆمەڵگا لە نە هامە تیە کانی

ل٧

## هەڵوێستی ڕەخنەگرانە بەرانبەر بە سەندیکالیسم

ل٤


ماڵپەرە حیزبیەکان

پەیام
سایتی سیاسی هەواڵ نیری
www.payaam.net
حیزبی کومونیست ئیران
www.cpiran.org
کومه له
www.komalah.org
تشکیلات خارج کشور
www.k-kh.org

دریژەی سەروتار:

# با خۆمان بۆ گۆڕانکاریەکانی سەردەم ئامادە کەین




ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بە مانا ئەوە بێت کە پێوەندی خەباتکارانەی ئێمە لەگەڵ هێزی چەپ و ڕادیکاڵ لەگەڵ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی خەباتکار کە لە دژی ڕژێمی بەعسی عێراق خەباتیان دەکرد بپسێت، بەڵام نیهایەتەن هەوڵمان دەدا کە هاوسەنگێك ڕابگرین و تا ئەو جێگایەی کە دەکرا بە نەهێنی بێت بەڵام دەزانن لە چاو دەزگاکانی ئەمنیەتی ئەوانە زۆر شاراوە نەبوو. لەو مەنتەقەیەی کە ئێمە بۆمبارانی شیمیایی کراین هەر لەو ڕۆژانە و هەر لەو کاتەدا چەندین کادری تێکۆشەر کە ئێستا زۆربەیان بە خۆشیەوەی بە ساق و سڵامەتی بە یارمەتی ئێمە گەیشتنە دەرەوەی وڵات و لە خەتەر ڕزگاریان بوو ، لەوێ بوون ڕژیمی بەعس ئەوەی دەزانی. یەکێك لە گیانبەختکردوانی ئەو ڕۆژەش هەر لەو تێکۆشەرانە بوو. بەهەر حاڵ بێجگە لەمانە دەزانن کە ئەو شوێنە، دوور لە دەسەڵاتی ڕژیمی بەعسی عێراق بوو و هێزی پێشمەرگەی یەکێتی نیشمانی کوردستان هاتووچۆی ئەوێیان دەکرد و دەوڵەتی عێراق بەمەش زۆر سەخڵەت بوو هەوڵی دەدا ئێمە لەو شوێنانە بینە خوارەوە و بینە بەشەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەوان و ئەو ئاسانکاریانەی کە ئێمە بەو چەشنە بۆ نەیارانی بەعسی ئامادە دەکەین، ئەم ئاسانکاریانە بەبەست بکات. ئەوە لەو واقعدا هۆکاری بنەڕەتی ئەو ئازاردان و بۆمارانانە بوو. ئەمڕۆ ٣٢ ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوە تێپەڕ دەبێت، من پێم خۆشە لێرەدا یادێك بکەم لە هەموو ئەو ٢٣ گیانبەختکردووەی کە لە پێناوی ئامانجی کۆمەڵەدا لە پێناوی ئامانجی کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا گیانیان بەخت کرد، ئەوانە لە ڕادیۆ کۆمەڵە کاریان دەکرد، لە ڕادیۆی دەنگی حیزبی کۆمۆنیست کاریان دەکرد، لە ئۆرگانەکانی پارێزگاری کاریان دەکرد، ئەمانە ڕۆڵەکانی زۆر ئازیز و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوون و هەر لێرەوە هەزاران سڵاو و درود دەنێرم بۆ بنەماڵەی سەربەرزیان و خۆڕاگریان.

فەرهاد شەعبانی: هاوڕێ برایم واقعیەتێك کە بە ئاشکرا دەبینرێ ئەوەیە کە بڵاو بونەوەی پەتای کرونا بارودۆخی جیهانی لە گەڵێك ڕوەوە بردۆتە قۆناغێکی دیکەوە، داهاتوو و ئیستای هیچ وڵاتێك نییە کە بە جۆرێك لە جۆرەکان نەکەوتبێت و نەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو پەتایەوە. ئیوە چ چاوەڕوانێك لە ئاستی جیهانیدا بۆ ساڵەکانی داهاتوو دەکەن؟

وڵام: ئەوە پرسیاری هەموکەسە کە جیهانی دوای کۆرۆنا چی بەسەر دێت. پێش هەمو شتێك ئەوە ڕاستیە بە روونی دەرکەوت کە هەرگیز بە قەدر ئەم دەورەیە ڕووداوەکانی جیهان لە سەر یەکتر کاریگەریان نەبووە. واتە روون بۆوە کە هیچ ڕووداوێك لە هیچ گۆشەیەکی دنیا ناتوانێ تکاریگەری نەبێ لەسەر گۆڕانکاریەکانی ئەوپەڕی دنیا. هەر وەکوو دەگوترێ دنیا وەکوو ئاوایەکی بچوکی لێ هاتووە، کە تێیدا چارەنووسی کۆمەڵانی خەڵك لە سەرتاسەری دنیای بەیەکەوە گرێ دراوە. ئەمە واقعیەتێك بوو کە کۆرۆنا بە هەموو نەگبەتیەکانی خۆیەوە جارێکی دیکە بردیە مێشکی هەموو ناباوەڕێك. پێش کۆرۆنا مەسئەلەی تەندروستی و مەسئەلەی ئیپیدیمی و مەسئەلەی بڵاو بوونەوەی نەخۆشی و ئەمانە لە گۆڕێ دابوو ، وە لە هەمان کاتدا قازانج و بازرگانی و چەوساندنەوە و هەموو ئەمانە مەترەح بوو. دنیای پێش کۆرۆنا بە شێوەیەکی زۆر واضح و بێ گرێ و گۆڵ لە بەینی ئەو دوانەدا ئەولەویەتی دەدا بە تجارەت و بازرگانی و سودئاوەری و قازانج، وە هەر لە پێناوی ئەوەدا بوو کە زۆربەی ناوەندەکانی تەندروستی و بیمارستانەکان و زۆربەی ئەو دامەزراوانەی کە پێوەندیان بە تەندروستی ئینسانەکانەوە بوو، لە ژێر دەسەڵاتی کەرتی تایبەت بوو و ئەوانیش بە پێی قازانج لە گەڵی هەڵسوکەوتیان دەکرد. ئەولەویەت بۆ ئەوان سڵامەتی نەبوو و ئەولەویەت قازانج بوو. چ دەرمانێك، چ واکسنێك، چ کردەوەیەك کە دەتوانێ قازانج دارتر بێت ئەوە دەهاتە ئەولەویەتیانەوە نە ئەوەیکە چ شتێك دەتوانێ سڵامەتی ئەمڕۆ و داهاتووی کۆمەڵانی خەڵك لە هەموو دونیا دابین بکات. لە دەورەی کۆرۆنادا ئەمە واقعیەتە هەڵگەڕایەوە. لە سەردەمی کۆرۆنادا دەوڵەتانی سەرمایەداری تەنانەت سەرمایەدارانی گەورەش ئەوە چووە ناو مێشکی ناحالیانەوە کە ئەگەر بۆ ئیدامە دان بە ڕەوتی چەوساندنەوە و بازەرگانی و کۆکردنەوەی قازانجیش بۆە ، دەبێ ئەولەویەت بدەن بە تەندروستی ئەو ئینسانانەی کە دەیان چەوسیننەوە. با پێش هەموو شتێك باسی وڵاتانی پێشکەوتوو سەرمایەداری بکەین. لە هەمووی ئەو وڵاتانەدا، هەموو ئەو ناوەندانەی کە قازانجیان لێ هەڵدەکەوت، هەمووی ئەوانەیان داخست. دەوڵەت دەستی کرد بە خەرج کردنی ئەو زەخیرانەی کە هەیەتی لە پێناو ( بەریەوە چونی سیاسەتی قەرەنتینە بۆ پێشگرتن لە بلاو بونەوەی ئەو پەتایە). هەر وەها بۆیان مەعلوم بوو کە سڵامەتی کێشەیەکی جیهانیە و ئەوان ناتوانن بیر لە تەندروستی وڵاتی دیاریکراوی خۆیان بکەنەوە، بە بێ ئەوەیکە بیر لەوە بکەنەوە چ لە ئەفریقا دەگوزەرێ، لە ئاسیای مەرکەزی، لە ئاسیای جنوبی شەرقی و یان باقی شوێنەکانی دیکەی جیهان. واتە بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەولەویەتەکان گۆڕا و کەوتەوە سەر بارێکی کە بە نەزەر دەگا ئینسانی تر بوو لە چاو ڕابردوو. بەڵام مەسەلە ئەوەیە کە ئایا ئەوان کە بۆ بۆ ماوەیەك بۆ دابین کردنی ئەو تەندروستیە مەجبور بوون ئەو کارە بکەن، دەتوانن پاش کۆرۆناش هەڵگەڕێنەوە بۆ دەوری جاران، وا بە نەزەر دەگا کە ڕەوتی واقعی ژیان ئەوەیان لێ قەبوڵ ناکات. بە بڕوای من بە هیچ جۆرێك لە جۆرەکان ئەو ڕەوتە ناتوانن هەڵگەڕێنەوە و وەکوو جارانی لێ بکەن. واتە دڵنیاتان دەکەم کە دەورەی داهاتوو، لە ساڵ و مانگەکانی داهاتوو بە شێوەیەکی ئەساسی سڵامەتی ئینسان لە دەست سەرمایەدارانی خسوسی دێتە دەرێ و دەوڵەتەکان ناچار دەبن کونترۆڵی ئەو بەشە حەیاتییە لە ژیانی ئینسان خۆیان بە دەستەوە بگرن. چوونکە واقعیەت ئەوەیە کە ئەگەر ئەوە نەکەن کرێکارێك کە کۆرۆنا بگرێت یا ئیپیدیمیەکی تر پەیدا بێت و نەخۆش کەوێ و نەچێتەوە سەر کار، چەوساندنەوەکەش تەعتیل دەبێت، یەعنی ئەوان فشارێك بوو چوە ناو مەغزیانەوە دەبێ ئەو ئەولەویەتە بگۆڕن و تەنانەت من پێم وایە تەنیا مەسەلەی ئیپیدیمیش نییە، مەسەلەی ژینگەشە. لە مەسەلەی ژینگەش ئەو وێرانکاریەی کە سەرمایەداری جیهانی دەیکا بۆ وێرانکردنی ژینگە، ئەوەش هەر وا وەکوو جاران ناتوانن ئەسپی خۆیان تێیدا لینك بدەن و بێ پەروا لە پێناوی قازانجدا ژینگەی ئینسان وێران بکەن ، ئەوە گۆڕانکاریەکە کە لەڕێدایە. بەڵام خۆ دەزانن ئەوانە مومکن نابێ بە بێ دەخالەتی دەوڵەتەکان. هەر لە ئێستاوە ڕەوتی ئیفلاس هێنانیانی ناوەندەکانی گەورەی سەرمایە دەستی پێکردووە. ئەم ئیفلاس هێنانە هەروا درێژەی دەبێت. ئەو قەیرانەی کە لە ڕێدایە گەلێك قورستر دەبێت لە قەیرانی ئابوری ساڵانی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨. یان تەنانەت دەیەی سی قەرنی پێشوش. کەوابێ ئەوان لەگەڵ ئەو دیاردەیەی وەرشکەستە بوونی کۆمپانیاکان بەرەو روو دەبن و بۆ چارەسەر کردنی و بۆ ئەوەیکە پێش بە دارمانی ئابووری و بوحرانی بێکاری زۆر شەدید و هیتر بگرن، ناچارە دەوڵەت دەخاڵەتی زۆرتر دەکات لە ئابووری. هەربۆیە دەوڵەت لە چاو جاران قەبەتر دەبێتەوە. دەوڵەتەکان پڕ خەرج تر و گەورەتر دەبنەوە. ئینجا لێرەدایە کە چاوەڕوانی دیاردەیەکی دیکە دەکرێت. ئەویش دەوڵەتەکان بەرژەوەندی تایبەت بە خۆیان پەیدا دەکەن و لە پێناوی ئەو بەرژەوەندیە تایبەت بە خۆیانە ڕقابەت لە بەینیاندا دەست پێ دەکات. بۆیە پێشبینی ئەوە دەکرێت کە دەورەیەکی تازە لەوەیکە دەتوانین پێی بڵێن جۆرێکی دیکە لە شەڕی سارد لە نێوان دەوڵەتانی گەورەی سەرمایەداری و بە تایبەت لە نێوان دوو جەمەسەری ئەوەیکە نزیکن لە ئەمریکا و ئەوانەی نزیکن لە چین، دەست پێ دەکات. بۆیە پێشبینی دەورەیەك دەست پێکردنی جۆرێك شەڕی سارده دەکرێت. ئەم شەڕی سارده تەبعەن چی لێ دەکەوێتەوە؟ لەوانیە شەڕی نیابەتی لێرەوە لەوێی لێبکەوێتەوە، نا ئەمنی لێ بێکەوێتەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا یەك ناکۆکیش بەرجەستە دەبێتەوە، ناتەبایەکی چارەهەڵنەگر لە نێوان بەرژەوەندی کۆمپانیەکان کە جیهانین، فرە نەتەوەن، کە لە گۆشەو کناری دنیا وا خۆیان بڵاو کردۆتەوە کە ،ناتوانن خۆیان کۆ بکەنەوە. لە لایەکەوە بەرژەوەندی دەوڵەتی میلی و لە لایەکەوە پێویستی بازەرگانی جیهانی و جیهانی بوونی سەرمایە. ئەوە ناتوانن سەرمایەکانیان لە چین بگەڕێنەوە یا لە ئاسیای جنوبی شەرقی بگەڕێننەوە، ئەوە چارەی نییە. چوونکە پێویستیان بە هێزی کاری هەرزانە، بۆ کەڵەکە کردنی سەرمایە و بۆ درێژەدان بە جەوهەری حەیاتی سەرمایەدارانەی خۆیان. ئەو ناکۆکیەی کە نیزامی سەرمایەداری وەکو گەڵێك ناکۆکی دیکە لە گەڵ خۆی هەڵیگرتۆوە نیشان دەدات کە ئابوری نێئۆلیبراڵی ولامدەرەوەی ژیانی ئەو سەردەمە نییە و شکستی خواردووە. لە ڕاستیدا کۆرۆنا دەتوانێ دوایین مێخەکانی تابوتی نیئولیبرالیسم بێت. کە وابێ ئەو مەسئلە دێتە گۆڕێ کە بەدیل چییە؟ هەر بۆیە لە دەورەی داهاتوودا ئێمە شاهیدی ئەوە دەبین کە ڕەوتە چەپەکان، ئەوانەی یا مارکسیست و سوسیالیستن، یا بە نەوعێك خۆیان بە مارکیسم و سوسیالیزمەوە هەڵدەواسن، یا بە جۆرێك لە جۆرەکان هەوڵ دەدەن لە کەمپی سوسیالیستیدا جێگایەك بۆ خۆیان ببیننەوە، ئەوانە دێنە ڕوو و جەریاناتی ڕاست کە دەورەی پێش کۆرۆنا، دەورەی ڕەونەقیان بوو دەڕۆن. ئەمە ئۆمێدەواریەك بۆ ئێمە دروست دەکات، ئۆمێدەواریەك بۆ ئێمەی چەپ و سوسیالیست لە ئاستی جیهان و مەنتەقە دروست دەکات. دەتوانم بڵێم کە ئەم بارودۆخە کاریگەری لە سەر وڵاتانی دواکەوتووی سەرمایەدارییش دەبێت، وڵاتانی وەکوو ئێران، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڵام واقعیەت ئەوەیە کە لە مەوردی ئەو وڵاتانەدا بە هۆی جیاوازی پێکهاتەکەیان، بە هۆی بارودۆخی جیاوازی کۆمەڵایەتیان، ناتوانین لە مەوردی هەموویاندا بە یەك لێکدانەوە پشت ئەستور بین. دەبێ هەر وڵاتەی بە تایبەتی بارودۆخەکەی هەڵبسەنگێنین. بەو حاڵەشەوە ئەوە ئاشکرایە کە ئەم بارودۆخە بە ئێمە دەڵێت کە دەورەیەك دەست پێدەکات کە دەتوانین دەوری وشیارانەی خۆمانی تێدا ببینین. تەبیعەتەن وەکوو هەموو دیاردەیەکی دیکە لایەنی سەلبیشی هەیە. ئەگەر بەشەریەت وشیار نەبێت، وە لەگەڵ ئەو نەهامەتیانەی کە نیزامی سەرمایەداری بەسەری هێناوە زوو بەرەوڕوو نەبێت، لەوانەیە بەرەو شەڕ و لەناوچونمان بەرن. دروشمی سوسیالیزم یا بەربەریەت، لێرەدا مەعنا پەیدا دەکات. لە بەر ئەوە ئەو قسانە بە مەعنای ئەوە نییە کۆرۆنا و ڕووداوەکانی دوای کۆرۆنا ، ئەگەر تەنانەت دەستیش لە سەر دەست دابنێن و بە شێوەیەکی قەتعی ئێمە بەرەو چارەنوسێکی باشتر دەبات، بەڵکوو حزوری وشیارانەی ئینسانە کە دەتوانێ دەوری دیاریکەر و چارەنوس ساز ببینێ.

فەرهاد شەعبانی: خەباتی چینی کرێکار چ دەورێك لەو گورانکاریانەی وا لە ڕێدان دەبینێت؟

ئیبراهیم عەلیزادە: من دڵنیام لەوەیکە دنیای سەرمایەداری داوتەڵەبانە و ئاگاهانە پێ نانێتە ئەو قۆناغەوە، حەتمەن دەبێ لە ژێر فشاردا بێت. لەو فشارەدا، هەم بەشەریەتی پێشکەوتن خۆاز و هەم چینی کرێکار، دەوری دیاریکراوی تیا دەبینێ. خەباتی کۆمەلایەتی ناخەوێت، جەماوەری خەڵك لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری بەو هەموو تەجروبە و سونەت و دامەزراوە کە هەیانە، دەست لە سەر دەست دانانێن، بۆ ئەوەیکە وردە وردە، سەرمایەداران چەند ئیپیدیمی دیکە یان بەسەردا بسەپێنن،جا ئەو گۆڕانکاریانە بکەن. گۆڕانکاری زۆر گرینگ لە وڵاتانی پێشکەوتوو لە ڕێدایە و قەتعەن ئەو گۆرانکاریانە لە سەر دەستی چینی پێشڕەوی کۆمەڵاتی و لەسەر ئینسانهای پێشڕەوی ئەو کۆمەڵگایانە ڕوو دەدات.

فەرهاد شەعبانی : زۆر ئاساییە کە دەبێ ئەو پرسیارە بکەم کە وایە پێش بینیتان بە تایبەتی بۆ داهاتوی ئیران لە ژێر کاریگەری ئەو بارودۆخە جیهانیە و ئەو پەتایەی کە جیهانی داگرتووە چیە؟

ئیبراهیم عەلیزادە: سەبارەت بە ئیران یەك واقعیەت پێشتریش بووە بەڵام ئێستا زۆر بەرجەستەترە، ئەویش ئەوەیە کە کەلێنی بەینی دەوڵەت و کۆمەڵانی خەڵك بێ ئەندازە قوول بۆتەوە. دەرەیەکی عەمیق کەوتۆتە بەینیانەوە. مومکنە کەسێك بڵێ پێشتریش وابوو، بەڵام ئێستا گەلێك قولترە لە جاران. بەینی جمهوری ئیسلامی و بەینی کۆمەڵانی خەڵك لە ئێران هیچ خالێکی هاوبەش نەماوەتەوە، کارم بە ژمارەیەك داروەدستە و ئەوانەی کە ڕژیم بەخێویان دەکات، نییە، ئەوانە زۆر مەحدوودن، تەنانەت لە نێو ئەوانیشدا کەلێن پەیدا دەبێت. جمهوری ئیسلامی ڕێگای خۆی دەڕوا و کۆمەڵانی خەڵکیش مەسیری خۆیان. هەم لە سەرەوە و هەم لە خوارەوە، ئەم کۆمەڵگایە لە بەردەم ئاڵووگۆڕ دایە. لە سەرەوە ئێمە شاهدی ئەوە دەبین بەم زوانە کە ڕژیم خۆی یەکدەست تر دەکاتەوە، ئەویش هەڵبەت شتێکی تازە نییە کە بڵێین لە ئاکامی کۆرۆناوە روو دەدات. بۆ نمونە لە هەڵبژاردنی ئەم دوایانەی مەجلیسی ئیسلامی دا ئەوەمان دیت. باڵی دەسەلاتدار هیچ کەس لەگەڵ خۆی ناکا بە شەریك. ئێمە شاهیدی ئەوە دەبین، جمهوری ئیسلامی ڕەنگ دەگۆڕێت، کاتێك خۆیان یەك دەست کردەوە، پاشەکشە لە هەلوێستەکانی پێشوو بۆیانە بۆیان ئاسان تر دەبێت. سازان کردن لەگەڵ ئەمریکاش بۆیان ئاسان تر دەبێت. هەر ئێستا لە تەداروکی ئەو پاشەکشەیەدان. بەڵام ئەوە ناکرێ مەگەر ئەوەیکە لە پێشدا ئەوەی خۆیان دەڵێن، نێو ماڵی خۆیان باش ڕێکخستبێ. وە هەمموو ئەوانەی کە موومکن بوو موزاحم بن یان دەرفەتیان لێ بەدەست بێنن، ئەوانەیان بردیێتە حاشیەوە. ناتوانم ئێستا بە دەقیقی بڵێم، ئەو ڕەنگ گۆرینە چۆن دەبێت، بەڵام ئەوە دەزانم جمهوری ئیسلامی دوای کۆرۆنا هەر هەمان جمهوری ئیسلامی پێش کۆرۆنا نابێت. لە ئاستی ناوچەکەشدا پاشەکشەیان دەست پێکردووە. هەر ئێستا خەریکن سوریە بەجێ دێڵن. یانی ناچاریان دەکەن بەجێی بێڵن. ڕووسیە و ئەمریکا ڕێککەوتن لەسەر ئەوە. تەنانەت لەوانەیە بەشار ئەسەدیش لەو قەزیە، گیانی دەر نەبات وە شکستێکی قەتعی بە ستراتیژی جمهوری ئیسلامی لە خاورمیانە بەسەریدا بسەپێ. ئەوەی لە عێراق کە موستەفا کازمی هاتۆتە سەر کار کە خۆی جمهوری ئیسلامی تاوانباری دەکرد بەوەی کە لە کوشتنی قاسم سولەیمانی دەستی هەبووە، ئاکامی ڕێککەوتنی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیە کە لایەنگرانی خۆی لە پەرلەمانی عێراق ناچار کرد دەنگی پێ بدەن و بەعزێکیان کە زۆر موتەعەسب بوون و واقعەن توندڕەو بوون ئەوان تەنانەت ئەو ڕۆژە نەچونە



هۆڵی پارلمان.

فەرهاد شەعبانی: ئایا پێتان وایە دەبێ چاوەڕێی حکومەتی سپای پاسداران بکەین؟

ئیراهیم عەلیزادە: من نازانم بە ڕاستی حکومەتی سپای پاسداران بەرقەرار دەبێت ، بەڵام سپای پاسداران دەسەڵاتی یەکەمە. هیچ پڕۆژەیەك، یا هیچ ستراتیژیەك بە بێ هەماهەنگی لەگەڵ ئەوان وە بە بێ ڕەهبەری ئەوان بەڕێوە ناچێت. بەڵام ئەوان ئیرادەیان چۆن نیشان دەدەن و چۆن عەمەل دەکەن، ئایا بە شکڵی حکومەتێکی نیزامی، پادگانی دێنە سەر کار یا بە ڕواڵەتی دیکە ، ئەوە دەبێ بە کراوەیی بێڵینەوە. بەڵام ئەوەی کە زۆر مهمە ئەوەیە کە ئەم گۆڕانکاریانە بۆ جمهوری ئیسلامی هەنگاو بە هەنگاو دەبێت. بۆ ئەوەیکە بتوانێ هەنگاو بە هەنگاو ئەو پرۆسەیە بەرێتە پێشێ پێویستی بە کاتە. بۆ ئەوەی کات بە دەست بێنێت ئینجا چەند کاری پێویست دەکات.. یەکەم کاری وەکوو هەمیشەسەرکووتە. دووهەم پێکهێنانی چاوەڕوانییە لە ناو جەماوەردا.. بۆ نمونە هەر لەم ماوەی ئەخیردا کە قوەی قەزاییە بەعزێ چاوەڕوانێکی پێك هێنا لەوەیکە گۆیا بە هاتنە سەرکاری ڕەئیسی زیندانی ئازاد دەکەین و لێبوردنی گشتی دەدەین ، دواجار ڕووداوەکانی مانگی ئابان و کەوتنە خوارەوەی فڕۆکە ئوکراینیەکەی بە دوا داهات زۆری مەجال پێ نەدان بۆ عەوام فریوی. هەر ئێستا کە ئێمە باسی ئەو گۆڕانکارییە دەکەین، ئەوانیش لە لای خۆیانەوە باسی گۆڕانکاریی دهکەن، بەڵام ئێمە دەڵێن ئەمە تەداروکی تەداومی حکومەتێکی جابرانە و زدی ئینسانیە، ئەو دەڵێ چاوەروان بن ئەوە پێوەندیمان لەگەڵ ئەمریکا عادی دەکەینەوە، چاوەروان بن نەوت بەعادی دەفرۆشین، ئابوری باشتر دەکەین، چاوەڕوانییەکی بێ بنەما. سێهەمین کاری ئەوەیە کە خەڵك ماندوو و بێ هیوا بکات. کۆرۆنا هەر وەکوو لە سەرەتاوە کۆمەکی پێ کرد بۆ ئەوەیکە مەترسی پەرەسەندنی نارەزایەتی دەربرینی گەورەی جەماوەری لە سەر دوور خاتەوە، لە دەوری دوای کۆرۆناش هەر دێتە هانایەوە، بەو سیاسەتەی کە ئەوان گرتوویانەتە بەر، دەیانهەوێت ئەوەندە خەڵك تووشی کۆرۆنا بێت، ئەوەندە تەنانەت ئازیزانیان لە بەرچاوی خۆشیان نەتوانن بنێژن، ئەوەندە مەحرومیەت بچێژن، ئەوەندە ئازاری ڕۆحی و دەروونی ببینن، کە ماندوو بن. ئینسانی ماندوو، ئینسانی بێ هیوا، دەچێتە ماڵی خۆی دادەنیشێت و هەوڵ دەدات ، هەر چۆنێك بووە بەرەی خۆی لە هەرگ دەر بکێشێت. بەم سیاسەتەی کە هەیانە بێباکن لەوەی کە خەڵك هەرچەندی دەمرێ بە کۆرۆنا با بمرێ، ئەمە بەشێکی ئاگاهانیە، سیاسەتێکی ئاگاهانیە بۆ ئەوەیکە ئەو بێ هیوایی و بێ ئۆمێدیە لە ئاستی کۆمەڵگادا پەرەپێبدەن. ئاگادار بوون لەو ڕاستیانە لە هەمان کاتدا بە ئێمەش دەڵێ ئەرکمان چییە و دەبێ چی بکەین. خاڵی سێهەم سەبارەت بە ئۆپوزسیونە. کۆماری ئیسلامی لە ئۆپۆزسیۆن دەترسێت، هەر چەندیش ئێمە بڵێین پەراکەندەیە، بەربڵاوە، مەیل و بۆچوونی سیاسی جیاوازی تێدایە، تەبعیدیە، هەرچی بڵێین، جمهوری ئیسلامی لە ئۆپۆزسیۆن دەترسێت. ئۆپۆزسیۆن دەمودەزگایەکی تەبلیغاتی زۆر بەرینی بەدەستەوەیە، ڕادیۆ و تەلەویزیۆن و تۆرە کۆمەلایەتیەکان چالاکانە بەکاردێنێت. هەمەو ئەوانە کاریگەریان لە سەر بیروڕای گشتی هەیە. ئەوەیکە جمهوری ئیسلامی هەوڵی بۆ دەدات و دەزگا ئەمنیەتییەکان کاری بۆ دەکەن، ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆن بە خۆیەوە سەرقاڵ بکات. وای لێ بکات کە خەڵك پێیان بێ باوەر بن. خەڵك بڵێن من چ ئۆمێدێك ببەستم بەمانە کە ناتوانن کێشەیەکی چکۆڵەی ناو خۆشیان چارەسەر بکەن، چ ئۆمێدێك ببەستم بەمانە کە هەمموو ڕۆژێك دەدان لە یەك تیژ دەکەنەوە و شیر و تیر لە یەکتر دەکێشن. ڕژیم لەوە ئیستفادە دەکات دەڵێ ئەگەر چارەنوسی خۆتان بدەنە دەست ئەو ئۆپۆزسیۆنە ئەوەتان لێ بەسەر دێت کە ئێستا لە نێو خۆیاندا هەیە وە ئەوە سیاسەتێکی ئاگاهانیە کە جمهوری ئیسلامی لە هەموو ئاستێکدا ڕەچاوی دەکات.، پێوەندی تەنها بە هێزە چەپەکان و ناسۆلیستەکان و یا هێزەکانی دیکەی لیبراڵ و هیترەوە نییە. بۆ هەموویان لە سەر ئەو بنەمایە پلانی هەیە. هەوڵ دەدات لە کۆمەڵگادا بێ ئیعتیباریان کات. وە ئەوە زۆر گرینگە کە ئێمە بیناسین و بزانین لە چ ڕێگایەکەوە و بە چ ئامرازگەلێك دەی کات بۆ ئەوەی پوچەڵیان بکگەینەوە.

باسی سەرەوەمان کرد، وتمان کە ئەم گۆڕانکارییە لە سەرەوەیەوە ، ئێستا باسی خوارەوە دەکەم. لە خوارەوە فەلاکەتی ئابووری وای کردووە لەو کۆمەڵگایە کە هیچ ڕێگایەك بۆ نەهێشتۆتەوە، یا دەبێ بە مەرگی بە شێنەیی خۆی ڕەزایەت بدا و تەسلیم بێت، یان تەسلیمی بارودۆخێك بن کە تێیدا دەژین. یان دەنا خاوەنی سونەتی شۆڕش و خەباتێکی لانیکەم سەد ساڵەی سەردەمی پەیدابوونی سەرمایەدارین، دەبێ بجوڵێن و تەکانێ بدەن لە خۆیان. من پێم وایە و ئۆمێدم ئەوەیە کە کۆمەڵگا ناچێتەوە ناوخۆی و تەسلیمی ئەو سستیە نابێ کە جمهوری ئیسلامی بۆی تەدارك دیوە و ئۆمێدی پێی بەستووە. بەڵام دیارە لەو پێناوەشدا گیر و گرفتی هەمیشەیی هەیە. ڕێکخراوەنەبونی جەماوەر، نەبوونی ڕەهبەری و نەبوونی تەشکیلات و هەمموو ئەوانە هەمیشە هەیە. بۆیە پێش هەموو شتێك ئەوەی لە خوارەوە ئێستا، دوایی باسی تەجربەی کوردستان دەکەم، دەقیقەن ئیشارە ئەو مەوزووعەیە کە ئەوەی کە پێویستە لە ئاستی سەرتاسەریدا و لە ئێراندا بیکەین ئەوەیە، ئێمە دەبێ پێشی ئەوە بگرین و هەوڵ بدەین هەموو ئەو ئامرازانەی کە ڕژیم بەکاریان دێنێ بۆ ئەوەی خەڵك تووشی ئەو بێ هیواییە بکات لە کاریان بخەین. تەجربە نیشانی داوە کە کۆمەڵگای ئێران بەو ئاسانییانە ناچێتە ماڵەوە و جمهوری ئیسلامیش لە کورت ماوەدا توانای هیچ چەشنە ڕیفۆرمێکی نییە کە بتوانێ نانێك بخاتە سەر سفرەی خەڵکەوە بۆ ئەوەی ئارامیان بکاتەوە. تەنانەت ئەگەر ئەمرۆ نەفتیان بۆ بفرۆشێت، ئەگەر وەزعی ئابوریان باش بێت، هەمموو ئەو پووڵانەش کە لە دەرەوە خەرجی دەکەن بێتەوە ژێر دەستیان، سیستمەکەیان وەها دارماوە، وەها کار لێ نەهاتووە، وەها فەرسوودەیە، وەها گەندەڵە، کە بە ئاسانی و لەو زەمانە کورتەیدا کە ئەوان دەیانهەوێت بەدەستی بێنن بۆ خۆگرتنەوە پێیان جێبەجێ ناکرێت و خەڵك لێیان وەخۆدەکەوێت. ئەوە بەهەرحاڵ مانای ئەوە نییە کە ئێمە ئەگەر دەست لەسەر دەست دانێین ئەو خۆی لە خۆدا ڕوودەدات. دیسان هەر وەك بەحسی ئەوزاعی جیهانی کە کردم دەوری ئینسانی ووشیار و هێزی پێشڕەو لێرەدا چارەنوس سازە.

فەرهاد شەعبانی: هاوڕێ برایم کوردوستانی ئیران لە کوێی ئەو گۆڕانکارایانە دایە و ئایا دەتوانین تایبەتمەندی گەلێك لەم بابەتەوە دەست نیشان بکەین؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بێگومان کوردستانی ئێران ناوچەیەکی دابڕاو نییە لە بارودۆخی سەرتاسەری لە ئێران. چی لە ئێران لە شارە گەورەکان دەگوزەرێ، کاردانەوەی لە کوردستانیش هەیە. ئێمە دەڵێن تازە چی لەو سەری دنیا دەگوزەرێ کاردنەوەی لە هەمو گوشەیەکی دنیا هەیە چ جای ئەوەی لە تاران و شارە گەورەکانی ئێران دەگوزەرێ، کاریگەری لە سەر کوردستان دەبێت. چارەنوسی کوردستانیش بە چارەنوسی ئێرانەوە گرێ دراوە. لەوەدا گۆمانێك نییە. ئاسۆی ڕزگاری خەڵکی کوردستانیش لەو نەهامەتیانەی کە تێیدا بوون و ئێستا بەسەریاندا ڕووخاوە و لە ڕێیاندایە، ئاسۆیەك نییە، غەیری ئەوەیکە هاوپەیمانانی خۆیان لە ئاستی ئێراندا و ئاستی سەرتاسەریدا لە ئێران دەست نیشان بکەن، خەباتی خۆیان بە ڕەوتی گۆڕانکاری ڕادیکاڵ و پێشڕەو لە ئێرانەوە گرێ بدەن. سەرەڕای ئەوانە تایبەتمەندیەکانیش بەرچاون. بۆ نمونە من پێم وایە کوردستان لەم دەورەی کۆرۆنادا لە ئەزمونێکی زۆر گەورە و مەترسیدار سەربەرز هاتە دەرێ تا ئێستاش. خەڵك دەستیان لە سەر دەست دانەنا کە بزانن جمهوری ئیسلامی چیان بۆ دەکا جا ئەوجار لەگەڵ موسیبەتێك کە دەرگایان پێ گرتوون بەرەوڕوو بن. چاوەڕێی کۆماری ئیسلامی دانەنیشتن. دەورەی کۆرۆنا وای کردبوو کە بە پێی تەبعەتی نەخۆشیەکە، بزووتنەوەی موتالباتی زۆر مەعنای نەبوو، خەڵك نەیدەتوانی بێتە سەر شەقام و نەدەکرا. لەگەڵ تەبیعەتی پەرەسەندنی نەخۆشیەکە نەدەگونجا. بەڵام ڕێگا چارەی دیکە هەبوو بۆ ئەوەی هەمبەستگی خەڵك تەقویەت بێت، بۆ ئەوەی ورەی خەڵك بەرز ڕابگیرێت، بۆ ئەوەی خەڵك تەسلیمی وەحشەتێك نەبێت کە کۆرۆنا خولقاندبووی یا ڕێی کۆرۆناوە خولقاندبویان. ئەو تەجروبەیە کە لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان هەر خێرا سەریهەڵدا. ئەمە بە ئێمە دەڵێ لەو کۆمەڵگایەدا شتێك هەیە کە وا بە خێرایی ڕەنگ دەداتەوە و وا بە خێرایی خۆی دەنوێنێ. ئەمەش ئەزمونی ٤٠ ساڵ خەبات و مقاومەت و تەزمونی وجودی هێزی ڕادیکاڵ و پێشڕەو لەو کۆمەڵگایەیە. سونەتی ڕێکخراوی مەدەنی و سونەتی ڕێکخراوی جەماوەری، سونەتی پێکهێنانی بنکە، سونەتی پێکهێنانی شوڕا، سونەتی پێکهێنانی پێشتبەستن بەیەك و بەهانەی بەیەکەوە چوون. ئەمە لە کوردستان سونەتێکی جێکەوتووە. لە بیرمانە وەختێ خەڵکی شاری سنە بە هۆی مانگرتنی یەك مانگەوە برسی بوون، لەو سەری سۆماوبرادۆستەوە بە کامیۆن نان هەموو ڕۆژێك دەگەیشتە ناو شاری سنە. لە بیرمانە کە چ هاوپشتێك لەگەڵ شاری مەریوان ڕوویدا و بنکەکانمان لە بیر نەچۆتەوە، شوڕاکانی شارەکانمان لە بیر نەچۆتەوە، هەمموو ئەوانە تەنها سەرکوت توانی لەبەینی بەرێ و ئەوانە سونەتی هێزی پێشڕەو و ڕادیکاڵە، سونەتی چەپ و کۆمۆنیستیە لە کوردستان. بە بڕوای من ئەوەیکە لەم دەورەیەدا ڕوویدا، نشان دەدات کە لە واقعدا ئێمە لەو ماوەیەدا ئەوەی کە کورد دەڵێ : "ئاومان هەس نەکردۆتەوە"، کار کراوە وە ئەو فیداکاری و ڕەنجەی کە بردراوە بە فیرۆ نەچووە. ئەوەیکە دەیبینی خەڵکی شاری سەقز، خەڵکی شاری مەریوان، خەڵکی شارەکانی دیکە لە کومیتەهایەکدا ، خۆیان ڕێك دەخەن کاروباری خۆیان بەڕێوە دەبەن و هەوڵ دەدەن ڕێگا ببیننەوە بۆ چارەسەر کردنی ئەو گیروگرفتانەی کە کۆرۆنا خولقاندویەتی، بە هانای خەڵکی فەقیر و هەژارەوە دەچن، هاوپشتێکی کۆمەلایەتی لە ئاستی کوردستاندا شکڵ دەگرێت، ئەوە مانای ئەوەیە خەڵك لە کوردستان ورەی بەرنەداوە. ئەوە سەرمایەیەکی زۆر گرینگە بۆ داوڕۆژ. مومکنە یەکێ بێت هەزار و یەك ئیراد لەم یا لەو ڕێکخراو و کومیتانە بگرێت، گرینگ ئەوەیە لە ڕویی عەینیەوە ئەم کومیتانە، ئەو خۆ ڕێکخستنە، ئەو بە هانای یەکەوە چوونە کارێکی وای کردووە، کە ئەو کۆمەڵگایەی هەمبەستتە تر کردووە و سەرمایەیەکی بە نرخی دابین کردووە بۆ حەرەکتهای دوا ڕۆژی دوای کۆرۆنا. ئەمە تایبەتمەندییەکی گرینگی کوردستانە. تەبعەن لە کوردستان هەمیشە وتوومانە بە دیل هەیە، حیزبی سیاسی هەیە، ڕێکخراو هەیە، ئەمانە هەموو کۆمەك دەکات بە ئەوەی کە ئەو کەموکۆڕیانەی لە ئاستی سەرتاسەری هەیە نەهێڵین ئەوەندە لە ئاستی کوردستاندا ڕەنگ بداتەوە. ئەم تەجربەیە هەروەها نیشانی دا خەباتی پێشمەرگانە لەگەڵ هەمموو ڕێزێك کە بۆیمان هەیە، وە ئەهمیەتێك کە تاریخەن هەیبوە و دەشیبێ، بەڵام تەنها بەدیلێك نییە بۆ دوا ڕۆژی کوردستان. ملیتاریزە بوونی جامعەی کوردستان و ئەو ترسەی کە هەمیشە لە دڵماندایە، لە دڵی هەموو کەس دایە کە شەڕ و ناکۆکی نێوان هێزە سیاسیەکانی چەکدار ، سبحەینێ هەرچی دەستکەوتی خەڵکی کوردستانە لە باری بەرێ، لەو تەجربەی چەند مانگی ئەخیردا وەکوو نمونەیەك و هەڵبەت تەنها نمونەش نەبوو و لە مانگرتنە گشتیەکانیشدا دیتمان، وەکوو تەجربەیەك بە ئێمە دەڵێ، کە ڕێگا هەیە بۆ ئەوەیکە جەماوەر ڕاستەوخۆ بە هێزی خۆیان بێنە مەیدان و سەحنە گەردانی ئەسڵی ئەوان بن. سەحنە گەردانی ئەسڵی ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیانی عادی لە کۆمەڵگەدا لە کوردستان ئەوان بن. ئەوە ئۆمێدێکە بۆ دوا ڕۆژ و من پێم وایە دەستکەوتێکی موهیمە و ئەوە جیاوازیانەی کە دەبێ بیپارێزی، کە دەبێ تەقویەتی بکەین و دەبێ پشتی پێ ببەستین.

فەرهاد شەعبانی: گرنگ ترین ئەرکەکانی هەلسوراوانی کۆمەڵە لە ناوەوەی وڵات و لە هەر شوێنێك کە هەن، لە ڕوانگەی ئیوەوە کامانەن؟

ئیبراهیم عەلیزادە: لە ڕاستیدا قسە کردن لە سەر ئەرکەکانی ڕوتینی هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە، لەوانەیە لە مەجالێکی کورتدا مومکن نەبێت، قسە زۆرە لەو بابەتەوە، ئێمە ساڵهایە لە سەر ئەو بابەتە قسە دەکەین، لە سەر بنەمای ئەو ڕێنوێنی و ڕێکارانە هەوڵمان داوە کە تەشکیلاتی حیزبیی لە کوردستان پەرە پێدەین، هەوڵمان داوە کە ڕێکخراویی جەماوەری شکڵ بگرێ، هەوڵمان داوەی خەباتی مەدەنی بکەوێتە ڕێ لە هەموو بوارێکدا و کار کراوە. من بەڕاستی لەو مەجالەی کە ئێستا خولقاوە و بە بۆنەی پرسیارەکەی ئیوەوە و نامەوێ زۆر بچمە سەر وەزایفێکی ڕووتین کە هەیە. باسی ڕێکخستنی حیزبی کراوە، باسی پێوەندی کاری عەلەنی و نەهێنی کراوە ، ئەوە ئێستا یەکەم شت ئەوەیە کە جێگای بەحسی من نییە. من نامهەوێ لەو بابەتەوە قسە بکەم. دووهەم شت نامهەوێ بەرێزیشەوە کە بۆ پرسیارەکەی ئیوە هەمە بەڵام ناشمهەوێ لە چوارچێوەی مەیل و بۆچونی ڕێکخراوەکەی خۆماندا قسە بکەم. دەمهەوێ بڵێم کە واوەتر لەوانە هەمموو ئەو هێزانەی، هەمموو ئەو ئینسانە پێشڕەو و تێکۆشەرانەی کە ئەم ڕۆژانە، لەم یەك دوو مانگی ئەخیردا بوون بە هەوێنی ئەم ڕێکخستنە جەماوەریانە، هەوڵیان دا نەهێڵن کۆمەڵگای کوردستان تووشی بێهیوایی و نائۆمێدی بێت و هەست بە بێدەرەتانی بکات، ئەمە ڕووم لە ئەوانەیە. ئەوانە لە کام سونەتدا جێی خۆیان دەبیننەوە؟ ڕووی قسەی من لە هەمموو ئەو کەسانەیە کە خەبات کردن بۆیان بژاردەیەکی شەخسی نییە، بەڵکوو زەرورەتێکی ژیانیانە. یانی ئەوە نییە کە بڕیارمان داوە موبارزە بکەین، بەلکوو ناچارن موبارزە بکەن، چارەیەکیان نییە جگە لە موبارزە کردن، ئەگەر موبارزە نەکەن ئەوەیکە هەشیانە لە دەستیان دەچێ.، هەروەها ڕووی من لە هەمموو ئەو کەسانەیە کە هەست بە تەعەهود دەکەن، هەست بە وەزیفە دەکەن بەرانبەر بە بارودۆخێکی ناعادڵانە و زاڵمانە وچەوسێنەرانە کە ئێستا لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە، جا لەو چوارچێوەیەدا دەڵێم، گرینگترین مەسئەلە ئەوەیە کە ئێمە دەبێ باوەڕ بە خۆمان پەیدا بکەین، ئەو باوەڕ بە خۆیە زۆر موهمە، بەڵام باوەڕ بە خۆ بە ئیرادە و بە ئامۆژگاری پەیدا نابێت، باوەڕ بە خۆ لە ئاستی جەماوەریدا لە ئاکامی هاوسەنگی هێز پەیدا دەبێت. پێویستە ئەو تێکۆشەرانە بزانن کە هاوسەنگی هێز بە قازانجی ئەوان گۆڕاوە وە ئەو هاوسەنگی هێزە تەنیا کوردستانیش نییە، تەنیا ئێرانیش نییە، بەڵکە جیهانیە، ئەو بارودۆخەی کە لە ئاستی جیهاندا باسمان کرد ئەمانە هەمووی گۆڕانکاریهایەکن کە دەبێ ئەو ئۆمێدە ، ئەو بڕوا بەخۆیە و ئەو هێز و توانایە بە فەعالێکی ئێمە و هەڵسووڕاوێکی لەو نەوعە کە من باسم کرد، بەوان بدات بۆ کار کردن لە کوردستانیش. ئەوان نابێ خۆیان بە تەنیا ببیننەوە. ئەو هاوسەنگی هێزە گۆڕاوە هەربۆیە پووچەڵ کردنەوەی هەڕەشە و گوڕەشە و و سەرکوتی ڕژیمیش ئاسانە. ئێمە هەمیشە کتومانە سەرکوت زۆر موهیمە، سەرکوت زۆر کاریگەری هەیە لەسەر پاشەکشە پێ کردنی خەباتی خەڵك و پێشڕەوان و جەماوەر و هەمموو ئەوانە، ئەوە واقعیەتێکە، بەڵام لەم دەورەیەدا گۆڕینی ئەو هاوسەنگی هێزی جەماوەریە، وە ئەو وەزعیەتەو کە بەسەر دنیادا هاتووە و ئەم شەرایەتە لە خودی ئێرانیشدا حاکمە، ئەم شەرایەتە بە ئێمە دەڵێ فەعالێکی سیاسی یاخود تێکۆشەرێکی مەدەنی و ئیجتماعی لە کوردستان، دەبێ توانایەکانی خۆی لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکاریە فراوانەدا ببینە نەك تەنیا مەحلی، دەبێ دەی مانگی ٩٦ی لەبەرچاو بێت، ئابانی ٩٨ی لە بەرچاو بێت، دەبێ ڕووداوەکانی دواتری لەبەرچاو بێت، دەبێ ئەو فشارانەی کە جمهوری ئیسلامی بەسەریەوەتی لە بواری نێودەولەتی، لە بواری ئابوری ئەو فشارانەی کە پاشەکشەیان پێکردوە، هەمموو ستراتیژیەکەی پووچەڵ دەرچووە، لە خاوەرمیانە وردە وردە خەریکە دەکشێتەوە و دەچێتەوە ناو کونجی ژیانی خۆی، موشەك پەرانی و ئەوانە هیچ دەردێکی دەوا نەکردووە، سەری لێ شێواوە، موشەك دەنێ بە تەیارەی مەدەنییەوە، مووشەك دەنێ بە کەشتی خۆیەوە، شپەرزەیە، بێسەرەوبەرەیی و شپرزەیی پێوە دیارە، دەبێ ئەو برۆا بە خۆیە لەوە وەر بگرن. دووهەم شت ئەوەیە کە دەبێ ئاستی سەرقاڵیەکانیان لە ئاستی ئەو ڕووداوە گرینگە جیهانییانە بێت. سەرقاڵ کردنی خۆ بە کیشەی ورد و کەم ئەهەمیەت ، بەفیرۆدانی تەمەن و بەفیرۆ دانی فورسەتە. دەبێ خۆیان لەوە دوور خەنەوە و ئەوەیکە فلانە کەس شەو چۆ خەوت و بەیانی چۆن هەستا، فلانە کەس لە پاڵ دەستی من چی وت و چی نەوت، چاکە و خراپەی ئەوی دیکە چۆن بوو، زەرەبین دانان لە سەر پاڵ دەستیەکەم بزانم چی لە ناخیدا دەگوزەرێت، ئەوانە زەمانیان بەسەر چوو، هەرچەند هیچ وەقتیش نەدەبوو باو بوایە. ئێستا هەمموو تێکۆشەرانی ئەو کۆمەڵگایە، دەبێ خۆیان بۆ گۆڕانکاری گەورە ئامادە کەن. ئەوە تەنها هاندان و تەهیج نییە. ئەوە واقعیاتێکە کە دنیای ئەورۆ بە ئێمەی دەڵێ، دنیا هەژاوە، دنیا دوای ئەو کۆرۆنا و دوای ئەو تەجربەی کە بە سەر هات و ئەڵبەت قیمەتیشی گران بوو، دوای ئەوە دنیای پێشتر نییە هەر وەکوو باسمان کرد.

***

ئامادەکردن: دلنیا رەحیمی

# هەڵوێستی ڕەخنەگرانە بەرانبەر بە سەندیکالیسم




سەندیکا، جۆرێك ڕێکخراوەی کرێکارییە کە زیاتر لە ١٨٠ساڵ لەمەوبەر، لە ئاکامی خەباتی کرێکارانی وڵاتانی ئوروپا بەتایبەت بریتانیا و فەرانسە، ئاڵمان، و سوئێد و .... لە چوارچێوەی خەباتی کرێکاران بۆ باشتر کردنی هەل ومەرجی کار و ژیانی کرێکاران، هاتە کایەوە، وردە وردە هەموو وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری لە ئوروپا و لە هەموو جیهان داگرت و وەکوو بزوتنەوەیەکی جیهانی هاتە ناو کێشمە کێشەکانی خەباتی چینایەتی ئەو سەردەمەوە.

خەباتی کرێکاران بۆ باشتر کردنی هەل و مەرجی ژیانیان، بۆ موقاوەمەت بەرانبەر بە قازانج پەرەستی بێ بەزییانەی سەرمایەداران، مێژویەکی بە قەدرە مێژووی شکڵ گرتنی نیزامی سەرمایەداری لە جیهان دا هەیە. ئەو خەباتە ئەگەر لەسەرەتاوە لە رواڵەتی خۆڕسکی و ناڕێکخراوی و تەنانەت توندوتیژی یەکی شێوە ئانارشیستی دا خۆی دەنواند، لەگەڵ گەشەکردنی نیزامی سەرمایەداری پێی نایە بۆاری، خۆ ڕێکخستن و خەباتی ڕێکخراوەیی. کرێکاران لە کۆڕ و کۆمەڵی خۆیان و لە ڕێکخراوی ساکار بۆ یارمەتی دان بەیەکترەوە بگرە هەتا پێك هێنانی کومیتەی مانگرتن و هی ترەوە هەنگاویان دەنا. ئەو هەنگاوە سەرەتاییانە، کرێکارانی بەرەو پێك هێنانی ڕێکخراوی گەورەتر و سەرتاسەریتر برد و بزوتنەوەی کرێکاری پێی نایە قۆناغێکی تازەوە و یەکەم سەندیکا کرێکاریەکان وەکوو ڕێکخراوی ئاشکرای کرێکاری لە دایك بوون.

زۆری پێ نەچوو کە لە رەوتی بەرەو پێش چوونی خەباتی چینایەتی دا ئەو بزووتنەوەیە مەیل و بۆچوونی جیاوازی تێدا پەیدا بوو. یەکێك لەو مەیل و بۆچوونانەی کە زیاتر لە ئەوانی تر جێگای خۆی لە ناو بزوتنەوەی سەندیکایی کرێکاران دا کردەوە، بەردەوام بە شوێن دۆزینەوەی ڕێگای ڕێك کەوتنی کرێکاران و سەرمایەداران و هێور کردنی خەباتی کرێکارانەوە بوو، کە ئەم رەوتە بە "سەندیکالیسم" ناسرا. کەوابێ لە وەڵامی بەشی یەکەمی پرسیارەکەت دا دەبێ بڵێین:

وشەی سەندیکا، بەمانای ڕێکخراوەیەکی دیاری کراوی کرێکارییە بەڵام وشەی سەندیکالیسم بەمانای رەوت و بۆچوونێکی دیاری کراو لە بزتنەوەی سەندیکایی کرێکاران، یان بەگشتی لە بزوتنەوەی جیهانی چینی کرێکار دایە. مەیل و بۆچوونی سەندیکالیستی لە ناو بزوتنەوەی کرێکاریدا بە پێی مێژووی واقعی ١٨٠ ساڵەی خۆی و بە پێی ئەو شێوەکار و سونەتانەی کە پاڵی پێوە داوە، هەرگیز دژ بە بناغەکانی نیزامی سەرمایەداری نەبوە، ئەم بۆچوونە بەردەوام هەوڵی داوە کە لە سازان و ڕێك کەوتن لەگەڵ سەرمایەداران و دەوڵەتەکانیان دا و لە چوارچێوەی خودی نیزامی سەرمایەداران دا، دەسکەوتێکی مادی بۆ کرێکاران بەدەست بێنێ و لە هەر جێگایەك کە خەباتی چینایەتی کرێکاران، ڕەنگ وبۆنی دژی سەرمایەداری بووبێ، هەوڵی داوە بەربەستی کات.

سەرمایەداران لە سەرەتاوە زۆر نیگەرانی ڕێکخراوبوونی کرێکاران و شەپۆلی پێکهاتنی یەك لەدوای یەکی سەندیکاکان لە وڵاتانی ڕۆژ ئاوای ئوروپا بوون، بەڵام کاتێك لێیان حاڵی بوو کە لە ناو ئەو بزوتنەوەیەدا مەیل و بۆچوونێك هەیە، کە ئەساسی کاری بەکرێ، و ئەساسی چەوسانەوە ناباتە ژێر پرسیار و دەتوانێ دەور ببینێ لە هێورکردنەوەی خەباتی چینایەتی دا و تەنیا ئیسلاحاتێکی بەرتەسکی هەر لە چوار چیوەی ئەو نیزامە دا دەوی، ترسیان لێی شکا و کەوتنە خۆ بۆ ئەوەی لە بەرانبەر مەیل و بۆچونەکانی رادیکاڵتر و دژی سەرمایەداری ناو بزوتنەوەی سەندیکایی، مەیل و بۆچوونی "سەندیکالیستی" تەقویەت کەن.

یەکێك لە کارکردەکانی مەیلی سەندیکالیستی لە ناو بزووتنەوەی کرێکاری دا هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتانەی کە سەرمایەداری لە وڵاتێکی دیاری کراو دا، یان لە ئاستی جیهانی دا تووشی ئەزمەی ئابووری دەبێ. لێرەدا سەندیکالیستەکان بە گەرمی دەکەونە خۆ و بەردەوام داوا لە کرێکاران دەکەن کە "زەخت نەخەنە سەر خاوەنکارەکان و لێ بوردنیان هەبێ". لە حاست کۆمەڵگا(واتە سەرمایەداران) بەرپرسیارانە هەڵس و کەوت بکەن، سازش بکەن، بە کەم رازی بن و□

ئەو بەشە لە سەرمایەداران و حیزبە سیاسییەکانیان کە بیریان لە بەرژەوەندیەکانی ستراتژیك و درێژماوەی نیزامی سەرمایەداری دەکردەوە و دەسەڵاتی سەرمایە کەیان گەیشتبوە ئاستێك کە پێك هێنانی چەند ریفۆرمێك لە ژیانی کرێکاران دا و زیاد کردنی بڕێکی کەم بە حەق دەستەکانیان، لە بەریان گران نەبوو، بەوە گەیشتن کە هەبوونی ئەو حەرەکەتە بە قازانجی پاراستنی سەرمایەدارییە و پێویستە بۆ کۆنترۆڵ کردنی خەباتی کرێکاران بە دەستیەوە بگرن. سەندیکالیسم کارێکی وای کردبوو کە حەرەکەت و هەڵس وکەوتی کرێکاران و زەمان و مەکان و شێوەی دەر بڕینی ناڕەزایەتی یەکانیان، بۆ سەرمایەداران قابلی پێش بینی و چاوەڕوان کراو بوو. دەیان توانی خۆیانی لەگەڵ بگونجێنن و لە پرۆژەکانیان دا جێگای دیاری کراوی بۆ لەنەزەر بگرن، بە جۆرێك کە رەوتی چەوساندنەوە و قازانج کۆکردنەوە، نە شێوێ.

مەیل و بۆ چوونی سەندیکالیستی لە بزوتنەوەی کرێکاری دا، وردە وردە بوو بە پێگەی جەماوەری بۆ ئەو حیزبە سیاسی یانەی کە دەیانهەویست بە ئیسلاح کردنی نیزامی سەرمایەداری و بە کلك و گوێ کردنی زیادە رەویەکانی، پێش بە شۆرشی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕانکاری رادیکاڵ و ریشەیی لە کۆمەڵگای چینایەتی دا بگرن. حیزبە سوسیال دیموکراتەکانی ئوروپا، نفوزیان کردە ناوسەندیکاکانەوە و زۆربەی سەندیکاکانیان کرد بە پاشکۆی بەرنامە و سیاسەتی حیزبەکانی خۆیان. دژایەتی لەگەڵ کرێکارانی کۆمۆنیست و لەگەڵ مەیل و بۆ چوونی رادیکاڵ و شۆڕشگێڕ لە ناو سەندیکاکان دا، لە لایەن ئەو حیزبە سیاسیانەوە هان دەدرا، تەنانەت هێندیك لەو حیزبانەی کە لە ئوروپای ڕۆژئاوا بە دەسەڵاتی سیاسی گەیشتن، دەوری بەرچاویان لە سەرکوت کردنی خوێناوی شۆڕشی کرێکاران دا بینی. شۆڕشی کرێکاران لە ساڵی ١٩١٩ی زاینی لە ئالمان کە لە لایەن کۆمۆنیستەکانی ڕێکخراو لە حیزبی سپارتاکیست دا ڕێبەری دەکرا، بە دەستی حیزبی ئیسلاح خوازی سوسیال دیموکراسی ئالمان کە لە دەسەڵات دا بوو نوقمی خوێن و سەرکوت کراو گەلێك نموونەی تر.

کە وابێ، هاوڕێ ئارێزی بەڕێز! ئەگەرچی سەندیکا بە پێی مێژووی واقعی خۆی سەرپەنایەك بووە کە هەوڵی داوە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسك دا، تۆزێك ژیانی کرێکاران باشتر بکات و تەنانەت گەلێك جار بۆتە ئامرازی کەوتنەڕێی حەرەکەتی بە هێزی کرێکاری و کردەوە و تاکتیکی شۆڕشگێڕانە و رادیکاڵیش، بەڵام مەیل و بۆچوونی "سەندیکالیستی" لە ناو بزوتنەوەی کرێکاری دا بەردەوام لە هەوڵی هێور کردنەوەی داشکاندنی داخوازیەکانی کرێکاران دابوە و هەمیشە لە دواییین ساتەکانی هەر مانگرتن و خۆپیشاندانێکی کرێکاری دا بە شوێن دۆزینەوەی فۆرموڵی سازیشەوە بوە.

پێکهاتەی ڕێکخراوەیی سەندیکاکان بەداخەوە ئەساسەن کەوتۆتە ژێر کاریگەری مەیلی "سەندیکالیستی" و سەندیکاکانی لە زۆربەی شوێنەکانی دونیا کردوە بە ڕێکخراوگەلێکی بوروکراتیك کە بە شیوە گەلێکی ئالۆز و فێڵاوی، مافی دەنگ دان و بریاردان بە شێوەیەی دیموکراتیك یان لە کرێکاران بەرتەسك کردۆتەوە و ڕێبەرانێکی رەفتار دیکتاتوری خولقاندوە. پێڕەوی ڕێکخراوەیی یان، دەست و پاگیرە و میکانیزمی "کۆبونەوەی گشتی" و بڕیاردانی راستەوخۆ بە دەنگی زۆرینەی کرێکاران تێیاندا بەڕێوە ناچێ. بە کورتی کاریگەی "سەندیکالیسم" بە سەر سەندیکاکان دا وەها جێ کەوتوە و سونەتی وەها زیانباری لە مێژووی خەباتی کرێکارن دا بە جێ هێشتوە کە ئیسلاح کردن و پێك هێنانی گۆڕانکاری تێ یاندا، ئەگەر نەڵێین غەیرە مومکین، دەبێ بڵێین زۆر، زۆر دژوارە. هەمووی ئەوانە وایان کردوە کە سەندیکاکان لە ژێر ڕێبەری و کاریگەری سەندیکالیستەکان دا، نەك هەر دژی سەرمایەداری نەبێ، بەڵکوو بەکردەوە پاڵ پشت و پارێزەریشی بێت.

هەڵبەت مەیل و بۆ چوونی رادیکاڵ دژی سەرمایەداری لە ناو بزوتنەوەی کرێکاری دا، هەرگیز، مەیدانی خەبات لە ناو سەندیکاکانی بۆ "سەندیکالیستەکان" بە جێ نەهێشتوە، و هەوڵی داوە لە دەرونی سەندیکاکان دا لە جەماوەری کرێکاران جیانەبێتەوە و لەو دەورانەشدا کە خەباتی شۆڕشگێڕانە لە وڵاتیك دا گەشەی کردوە بە پێی کەش و هەوای شۆڕشگێڕانەی ناو بزوتنەوەی کرێکاری، لە چوارچێوەی سوننەتی سەندیکا، تێپەڕبوە و شورای کرێکاری کە بە دیموکراسی راستە وخۆی جەماوەری کرێکاران پشت ئەستورە، بەرپا کردۆە، کە مێژووی ئەم حەرەکەتەش جێگای باسێکی ترە.

کە وابێ بە کورتی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا، دەڵێین:

سەندیکا بە پێی مێژوو و سوننەتەکانی وە بە پێی پێکهاتەی بوروکراتیکەوە و بە پێی کار کردی ئێستایەوە لە خەباتی کرێکاران دا لە هەموو دونیا، ئەگەر تەنانەت مەیل و بۆچوونی خەباتکار و رادیکاڵیش تێیدا بە هێز بێ، لە باشترین حاڵەتی خۆیدا هەر ئامڕازێکی زۆر کار لێهاتوو نییە بە دەست کرێکارانەوە لە خەباتیان دژبە نیزامی سەرمایەداری دا. بەڵام واقعییەت ئەوەیە مادام بۆچوونی رادیکاڵ و دژ بە سەرمایەداری تێیدا بە هێز بێ، ئامرازێکی کۆڵی ڕێکخراوەییش هەر باشترە لە دەست بەتاڵی و پرژوبڵاوی و ناڕێکخراوی. بە تایبەت لە ژێر کاریگەری وەها رەهبەری و رەوتێکی رادیکاڵ دا، دەتوانن دەوری گرینگ ببینن لە کۆکردنەوەی کرێکارانی پرژوبڵاوی ناو کارگە چکۆلەکان بۆ خستنە گەر یان بۆ گۆڕینی هاوسەنگی هێزی کرێکاران و سەرمایەداران . کە وابێ ئێمە بۆ ئەمڕۆی ئێران و کوردستان نەك هەر دژی بزوتنەوەی پێکهێنانی سەندیکاکان نین، بەڵکوو هەول دەدەین مەیل و بۆچوونی "سەندیکالیستی" تێیاندا بکەوێتە پەراوێزەوە و رەوتی رادیکاڵ و دژ بە سەرمایەداری تێیدا گەشەبکات و بەشێك بێ لە خەباتێکی هەمەلایەنە کە کرێکاران لە حکومەتی کرێکاری و لە کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی نزیك دەکاتەوە.

***



# کوژرانی ئاسیە پەناهی لە ساڵڕۆژی یەکێک لە ئاخێزەکانی خەڵکی پەراوێزنشیندا



چەند ڕۆژ لەمەوبەر ئاسیە پەناهی، ژنێکی ٥٥ ساڵە، لە پەراوێزنشینانی کرماشان، کە بۆ ڕێگری لە ڕووخاندنی ماڵەکەی، لە بەرامبەر بۆڵدزێرەکەدا جەستەی خۆی کردبووە قەڵغان، لەژێر مشت و کوتەك و سپڕێی بیباری مەئموورانی شارەداریدا گیانی بەخت کرد. ئەم جەنایەتە ڕەنگدانەوەیەکی بەرینی لە ئاست تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بوو و بۆ جارێکی دیکە مەسەلەی پەراوێزنشینان و ئەو خەڵکەی کە بەهۆی بێ ماڵ و حاڵیەوە، لە پەراوێزی شارەکان، بە شێوەی نایاسایی، سەرپەنایەك بۆخۆیان دروست دەکەن، بۆوە بە تەوەری ڕۆژ. "ئاسیە" بەهۆی ناڕەزایەتی و موقاوەمەتی تاکەکەسی لە بەرامبەر ئەو مەئموورانەی کە بەلایانەوە ویژدان و مرۆڤایەتی بایەخێکی نەبوو، بێڕەحمانە کوژرا. بەڵام ئەگەر ئاسیە لە موقاوەمەتێکی تاکەکەسیدا لە بەرامبەر بەکرێگیراوانی دەوڵەتی، گیانی بەخت کرد، موقاوەمەتی خەڵکی پەراوێزنشین لە دیفاع لە سەرپەناکانیان، بەردەوام ناوەرۆکی یەکێک لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە بەهێزەکان بووە لە ئێران. ئاخێزی خەڵکی "دەرەوەی مەحدوودە"ی تاران، کە شارەداری دەستی دابووە ڕووخاندنی ماڵەکانیان، لە ساڵی ١٣٥٦دا، یەکێک لە یەکەمین ئاخێزە جەماوەریەکان بوو کە دژبە ڕژیمی شا وڕێکەوت. ئاخێزی جەماوەری خەڵکی پەرواوێزنشین و دەرەوەی مەحدووده لە ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بەردەوام سەریان هەڵداوە. لە ماوەی ساڵەکانی نیوەی یەکەمی دەیەی ٧٠، لە دەورەیەکدا کە کۆماری ئیسلامی هەوڵی دەدا تا بە وادە و بەڵێنیی نۆژنکردنەوەی وێرانەکانی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق، خەڵکی ناڕازی لە چاوەڕوانیدا ڕاگرێ، شایەدی ئاخێزی خەڵکی پەراوێزنشین لە شارەکانی تاران و مەشهەد، ئەراك، شیراز، تەورێز، قەزوین و چەند شارێکیتر بووین. ئاسیە پەناهی لە ساڵڕۆژی یەکێك لەو ئاخێزانەدا گیانی بەخت کرد. مەرگی ئاسیە لە ڕۆژی ٨ی جۆزەردانی ١٣٩٩، وەبیرهێنەرەوەی ئاخێزی خەڵکی پەراوێزنشینی شاری مەشهەدە لەم ڕۆژدا لە ساڵی ١٣٧١.

ئەم ئاخێزە لە ناڕەزایەتی بە ڕووخاندنی ماڵەکانی خەڵك، کە بە ڕای شارەداریی مەشهەد لە دەرەوەی مەحدووده بوون، دەستیپێکرد و پاش ئەوەی سەرتاسەری شاری مەشهەدی گرتەوە. ئاخێزەکە لە کۆی "تەلاب"ەوە دەستیپێکرد. پاشان وتووێژی نوێنەرانی خەڵك لەگەڵ بەرپرسانی شارەداریی مەشهەد بە بێ ئاکام مایەوە، خەڵکی توورە و ناڕازی هێرشیان کردە سەر ئەو بۆڵدزێرانەی کە بۆ ڕووخاندنی ماڵەکانیان هێنابوویان و هەر هەموویان ئاگر تێبەردان.

و هەر هەموویان ئاگر تێبەردان.

خەڵکی گەڕەکەکانی دیکەش بە خۆپیشاندانی گەڕەکی تەلابەوە پەیوەست بوون و بەردەوام بە ژمارەی ناڕازیان زیاد دەبوو. هێزە ئینتزامی و ئەمنیەکانی ڕژیم، خۆپیشاندەرانیان وەبەر گوللەدا و لە جەرەیانی ئەم هێرشەدا دوو خوێندکاری تازەلاو گیانیان بەخت کرد. خەڵکی توورە و ناڕازی تەرمی ئەو تازەلاوانەیان لەسەر شانیان دانا و بەرەو ناوەندی شار ڕۆیشتن. خۆپیشاندانی خەڵك لەمەبەدوا بە دەخالەتی هێزەکانی ڕژیم بە توندوتیژی کێشرا. پاش چەند کاتژمێر، ئاخێزی گەڕەکی "تەلاب"، بوو بە ڕاپەڕینێکی شاری. جەماوەری خەڵکی ڕاپەڕیو هێرشیان کردە سەر کەلانتەری و ناوەندەکانی پۆلیس و چەکیان کردن. بینای شارەداری و چەندین بینای دەوڵەتی لەوانە ناوەندی تەبلیغاتی ئیسلامیان ئاگر تێبەردا.

ناڕەزایەتیەکان سەرتاسەری شاری مەشهەدی گرتەوە. شار کەوتە ژێر کونترۆڵی خەڵکی ناڕازیەوە. ڕژیم ناچار بوو هێزەکانی سپای پاسداران بێنێتە مەیدان. بەدوای ئەوەدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ڕاپەڕیو گیانیان لەدەست دا کە هیچ کات ئامارێك سەبارەت بە ژمارەی ئەو قوربانیانە بڵاونەکرایەوە. بەڵام بە پێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکانی ڕژیم لەو سەردەمەدا، ٦ کەس لە هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمیش لەو جەرەیانەدا کوژران. بە دەستبەسەرکردنی ٨٠٠ کەس و پاش نزیك بە ٢٤ کاتژمێر، ڕاپەڕینەکە سەرکوت کرا و شار دووبارە کەوتەوە ژێر کونترۆڵی هێزە دەوڵەتیەکان. لە چارەنووسی ژمارەیەك لە دەستبەسەرکراوان هەتا بە ئەمڕۆش هیچ زانیاریەك لەبەر دەست دا نییە. هەر ئەوکات ڕۆژنامەکانی ڕژیم هەواڵی ئێعدام کرانی ٤ کەسیان لە پەیوەند لەگەڵ ئاخێزی خەڵکی مەشهەد، پشتڕاست کردەوە.

لە ساڵەکانی دەیەی ٧٠ بەرەو ئەملا و تا بە ئەمڕۆ، زنجیرەی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی خەڵك کە زۆربەیان لە پەراوێزی شارەکانەوە دستیان پێکردووە و پاشان بەرینتر بوونەتەوە، بەردەوام درێژەی بووە. ئاخێزی مانگی بەفرانباری ١٣٩٦ کە ئەویش هەر لە مەشهەدەوە دەستیپێکرد و لە ماوەیەکی کورتدا، سەرتاسەری ئێرانی گرتەوە، ڕاپەڕنیی خەڵکی هەژار و کرێکارانی بێکار و پەراوێزنشینانی بێبەش و لاوانێك بوو کە ئاسۆی ژیانیان لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا لێڵ و تارێکە. مانگی خەزەڵوەری ساڵی ڕابردووش، شایەدی ئاخێزێکی دیکە، هەر بەو ناوەرۆکەوە بووین کە ١٥٠ شاری ئێرانی گرتەوە. واتە ئاخێزێك خۆپیشاندانی گەڕەکی تەلابەوە کە پایەکانی ڕژیمی ئیسلامیی وەلەرزە خست. ئەمڕۆ ئەگەر دەبینین کە بەشوێن کوژرانی ئاسیە پەناهیدا، ڕژیم بە سەرلێشێواویەوە ئەم یان ئەو مەئموور و شارەدار لەسەر کار لادەبا و وادە و بەڵێنی پێڕاگەیشتن بە مەسەلەکە دەدات، لە ڕاستیدا نیشانەی ترسێکە کە ئەم ڕژیمە لە ئاخێزەکانی خەڵك کەوتووەتە دڵییەوە. ئەگینا ئەوە هەر ئەو ڕژیمەیە کە نزیك بە ١٥٠٠ کەسی لە لاوانێك کە بە دەستی بەتاڵەوە لە خەزەڵوەری ٩٨دا هاتبوونە سەر شەقامەکان و داوای مافە سەرەتاییەکانی خۆیانیان دەکرد، بێبەزەیانە کوشت. ئەگەر ئەم خۆفە نەبایە بێ گومان ڕژیم لە کوشتنی ژنێکی بەتەمەن، نەدەکەوتە پەلەی پاساوکردن.

ئەمنیەت و ژیانی ئاسوودە لەژێر سەرپەنایەکدا، مافی بێ ئەملاوئەولای هەموو ئینسانەکانە. بەڵام بێگومان، تا کاتێك کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەرکارە و نان و کار و مەسکەن و ئازادیی خەڵکی بە بارمتە گرتووە، هیوایەك بۆ باشتر بوونی ژیانی خەڵکی هەژار و چەوساوە، لەوانە کۆتایی هێنان بە پەراوێزنشینی و دابین کردنی ماڵ و حاڵی گونجاو بۆ هەموان، چاوەڕوان ناکرێت.

***









پێشڕەو

ئۆرگـانی کومیتەی ناوەندی کۆمـەڵە

(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

ئێدیتۆر: ئیبراهیم عەلیزادە

کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

Add: Sulimania_Zrguez

Tel:
009647701567854
009647710259353

E-mail:
Peshraw@komalah.org

Web:
http://www.komalah.org/

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

C.D.C.R.I
BOX 70445
10725
Stockholm_Sweden
Tel/Fax: 4608868054
E-mail:
cpi@cpiran.org
Web: www.cpiran.org

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە کوردستانی عێراق

Add: Sulimania-Rzgary
Tel: 3300657 - 3300561

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات

Tel/Fax: +46-18-46 84 93

E-mail:
komala@cpiran.org

تەلەفزیۆنی فەزایی کۆمەڵە

Yahsat 1A
Freq: 12072 Mhz
Position: 52.5° Est
Pol: Vertical
Sym: 27500
Fec: 7/8

Web:
http://www.tvkomala.com/

ڕادیۆکان:

بەرنامەی ڕادیۆکانی دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر سەتەلایتی یاە سەت بەدوای تەواوبوونی پەخشی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی کۆمەڵە بڵاودەبنەوە.

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 409- June 2020
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# فەلەستین، ٧٢ ساڵ کارەسات



سی و پێنجومین کابینەی نوێی ئیسرائیل لە کاتی دامەزرانی ئەم وڵاتە لە ساڵی ١٩٤٨، ڕۆژی یەکشەممە لە لایەن "نەتانیاهوو"، کە لە ساڵی ٢٠٠٩ی زایینیەوە لەسەر کورسیی سەرۆك وەزیرانە، لە پارلەمانی ئیسرائیلدا ناسێندران. یەکێك لە یەکەمین هەوڵەکانی کابینەی نوێ پەیوەست کردنی ناوچە بەرینەکانی دەرەی ئۆردۆنە کە لە کاتی سەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە شەڕی ٦ ڕۆژەی ساڵی ١٩٦٧وە لە ژێر چنگی ئەم دەوڵەتە ڕەگەزپەرستە دایە. دەوڵەتی نوێ بەنیازە لە بارووردۆخێکدا کە ترامپ، بە نوێنەرایەتیی دەوڵەتی ئیمپریالیستی ئەمریکا، گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵکردوون و بەر لەوەیکە هەڵبژاردنی مانگی ئۆکتۆبری سەرۆك کۆماریی ئەمریکا بەڕێوەچێت، تەوەرێك بە ناوی پەیوەست کردنی ئەم ناوچانە نەمێنێت. لەبەر ئەوەیکە وێدەچێ ئەگەر ترامپ لە هەڵبژاردنی داهاتوودا سەرنەکەوێ، بارووردۆخێکی بەمجۆرە لەباریان بۆ نەخولقێتەوە. ١٥ مانگ پاش ئیستعفای لەناکاوی دەوڵەتی ئیسرائیل و بەڕێوەچوونی سێ دەورە هەڵبژاردنی پێش وەخت، سەرەنجام دەوڵەتی نوێی ئیسرائیل ڕۆژی یەکشەممە لە پەرلەماندا ناسێندرا و ڕێوڕەسمی سوێند خواردنی وەزیران ئەنجام درا. چوار ڕۆژ پێشتری، پۆمپیئۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەگەڵ ڕێبەری هەر دوو حیزبە هاوپەیمانەکەی ئۆرشەلیم دیداری کرد و دوعای بەخێری ئیمپریالیسمی ئەمریکای پێشکەش کردن. ئەو لە وتووێژێکی هاوبەشدا لەگەڵ نەتانیاهوو، بۆ جارێکی دیکە لەسەر مافی ئیسرائیل بۆ پەیوەست کردنی ناوچە داگیر کراوەکانی لێواری ڕۆژئاوای چەمی ئۆردۆن پێداگری کرد و ڕایگەیاند کە دەوڵەتی ئەمریکا سەبارەت بە کات و چۆنیەتیی ئەم پەیوەست کردنە، پشتیوانی لە دەوڵەتی ئیسرائیل دەکات. هەڵبەت ئەوەش زۆر سەیر نەبوو. مەگەر بێجگەلە ئەوەیە کە یەکساڵ لەمەوبەر ئەمریکا گڵۆپی سەوزی بۆ پەیوەست کردنی بەرزاییەکانی جەولانی سووریە و یان بە ڕەسمی ناسینی ئوورشەلیم وەك پێتەختی دەوڵەتی ئیسرائیل، هەڵکرد و تەنانەت باڵوێزخانەکەشی بۆ ئۆرشەلیم گواستەوە. هێستا چەند مانگ لە هاتنی ترامپ بۆ کۆشکی سپی تێپەڕ نەببوو کە ڕایگەیاند کە بیر لە بنبڕ کردنی کێشەیەکی مێژوویی دەکاتەوە. کێشەیەك کە بە وتەی خۆی پێشینیانی نەیانتوانیوە ڕێگاچارەیەکی بۆ بدۆزنەوە. ترامپ ساڵ و نیوێك دواتر، بە بێشەرمیەکی بێ وێنەتر لە پێشینیانی خۆی، "موعامەلەی قەرن"ەکەی خۆی دەرخست و ئەوەیکە دەوڵەتی داگیرکەری ئیسرائیل پێویستی پێی بوو وەك دیاری بە نەتانیاهووی دا.

نەتانیاهوو لە کاتی ناساندنی دەوڵەتی نوێدا، ڕایگەیاند کە دەوڵەتی داهاتوو، بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ حزووری نیزامیی ڕژیمی ئێران لە سووریە لێبڕاوانە پەیگیر دەکات و بەردەوام هەوڵ دەدات کە بەربە ئەتۆمی بوونی ڕژیمی ئێران و بەرنامە مووشەکیەکانی بگرێت. هەروەها وتیشی کە ئەو ئامانجانە بەردەوام یەکێك لە پایە گرینگەکانی سیاسەتی دیفاعیی و ئەمنییەتیی ئیسرائیل بوون و هەروا بە جیدیش پەیگیریان دەبن. ڕێبەری حیزبی ئۆپۆزیسیۆن لە پارلەمان، لە وتەکانی خۆیدا بە زمانێکی توند، نەتانیاهوو و گانتس، ڕێبەری حیزبی "شین و سپی"ی بە "ڕەقیبانی سەرسەختی پێشوو و دۆستی مەسڵەحەتیی ئەمرۆیی" پێناسە کرد و ڕاشیگەیاند کە وەها دەوڵەتێك دەوام ناهێنێت و ناتوانێ کێشەی واقعیی وڵاتی ئیسرائیل چارەسەر کات. ئەوەیکە دەوڵەتی ئێستای ئیسرائیل بە سەرۆکایەتیی نەتانیاهوو کە خۆی بە تاوانی گەندەڵی ماڵی لە چەند مانگی داهاتوو دا موحاکمە دەکرێت، چەندە دەتوانێ دەوام بێنێت لە بەرامبەر سەرەکیترین کێشەی ئەم ناوچەیە، گرینگیەکی ئەوتۆی نییە. ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی کە ئێستا دژبە نەتانیاهوو هاتووەتە مەیدان، بەشێك هەر لەو هەیئەتە دەسەڵادارەیە کە لەگەڵ سەرەکیترین سیاسەتی داگیرکارانە و سەرکوتگەرانەی دەوڵەتی ئیسرائیل دژبە نەتەوەی فەلەستین، هاوجەهەتە. لە ڕاستیدا، ڕەقیبە سەرسەختەکانی ڕابردوو، بوونەتە هاوپەیمانانی دەوڵەتی نوێ. تەوەری سەرەکی ئەوەیە کە چۆن دەکرێ مۆری کۆتایی لەسەر سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە و داگیرکارانەی ئەم دەوڵەتە بدرێت. ئەو دەوڵەتانەی کە شەو و ڕۆژ باس لە بەناو بایەخە ئۆرووپاییەکانی خۆیان دەکەن، چۆن دەتوانن دەوڵەتێك کە لەسەر بنەمای ئاوارە کردنی نەتەوەیەك شکڵی گرتووە، بەدەر لەوەیکە چ ناوێك لەسەر خۆی دادەنێت، تەنیا دەوڵەتی دیمۆکراتیکی ناوچەکە پێناسە بکەن. هەر ئەو بەناو دەوڵەتە دیمۆکراتیکانەی ئۆرووپا، ڕۆژی هەینی ١٥ی مانگی مەی کۆبوونەوەیەکیان بەڕێوەبرد تا سەبارەت بە گەڵاڵەی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ پەیوەست کردنی ناوچە تازەکان، تەگبیرێك بکەن. ئەوەیکە لە ناو کۆنفرانسی ویدیۆیی وەزارەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئۆرووپا هاتەدەر هیچ شتێك نەبوو بێجگەلە دەرکەوتنی زیاتری پرژوبڵاویی ناو یەکیەتیی ئۆرووپا. ئەوانەی کە لە ئێستادا پتر لە سێ ساڵە ڕووسیەیان بەهۆی پەیوەست کردنی دوورگەی کەریمە گەمارۆی ئابووری داوە، مەعلووم نییە بۆچی هەرکات نۆرەی مەحکووم کردنی ئیسرائیل دێت، وە لاڵەپەتە دەکەون. گەمارۆی ئابووری پێشکەشی خۆیان، ئەوان نیشانیان دا کە تەنانەت توانای دەربرینی نارەزایەتیەکی ویشك و بەتاڵیشیان نییە.

هەینی ڕابردوو بۆ خەڵکی فەلەستین ڕۆژێکی ئاسایی نەبوو. هەموو ساڵێ، ڕۆژی ١٥ی مانگی مەی خەڵکی فەلەستین ساڵوەگەڕی "نەکبەت"، واتە دەورانی دەرکردنی جەماوەری خەڵك و بێ دەسەڵات کردنیان لە ٧٢ ساڵ لەمەوبەر وەبیردێتەوە، واتە کاتێك کە وڵاتی نوێی ئیسرائیل لەسەر وێرانەکانی وڵاتەکەیان دامەزرا. بەدوای ئەم کردەوەیەدا، زۆربەی خەڵکی فەلەستین بوون بەو ئاوارانەی کە لەسەر خواستی دەوڵەتی ئیسرائیل، مافی گەڕانەوەیان بۆ وڵاتەکەی خۆیان نییە. ڕێبەران و بیروڕای گشتیی ڕۆژئاوا لە ساڵی ١٩٤٨دا خەیانەتیان بە خەڵکی فەلەستین کرد. ٧٢ ساڵ دواتری دیسان مەعلووم بوو کە ئەوانەی وا بە ئاوارە کردنی میللەتێك بەهای جەنایەتی چەندین سەدەی خۆیان دژبە یەهوودیەکان دا، هێستاش دەهۆڵی ڕابردووی خۆیان دەکوتن.

نەتەوەی فەلەستین مافی خۆیەتی کە ١٥ی مەی ١٩٤٨ بە ڕۆژی "کارەسات" یان بە زمانی عەرەبی بە ڕۆژی "نکبە" پێناسە بکات. لە جەرەیانی هەمان ساڵدا پتر لە ٧٠٠ هەزار فەلەستینی بەهۆی هێرشی داگیرکارانەی دەوڵەتی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو لە ماڵ و حاڵی خۆیان دەرکران و سەدان و شار و گوند چۆڵ و وێران کران. هێستاش پاش تێپەڕینی ٧٢ ساڵ، پتر لە چوار ملیۆن فەلەستینی واتە لانیکەم سێ نەسڵ لە ئۆردۆن، لۆبنان و بەجۆرێ لە لێواری ڕۆژئاوا لە ئۆردووگاکاندا و یان لە زیندانی گەورەی غەزەدا، مێژووی دڵتەزێنەکەیان قورسایی لەسەر بیر و هەستیان دەکات. باس لەم مێژوویە لە ڕاستیدا، هەم هەڵدانەوەی جەنایاتێکە کە دەرحەق نەتەوەیەك ئەنجام دراوە و هەم مێژووی موقاومەتی شکۆداری ئەم نەتەوەیە. هەم مێژووی ئەوانەیە کە لە چوار سووچی جیهانەوە بەرەو ناوچە داگیرکراوەکان ڕۆیشتن تا دژبە ڕژیمی داگیرکەر خەبات بکەن و هەم مێژووی دەوڵەتە کۆنەپەرستە عەرەبیەکانە کە زۆر بە ئاسانی بەرژەوەندیەکانی نەتەوەیەکیان قوربانی کرد و هەم مێژووی تراژێدیی نەتەوەیەکە کە پاش ٧٢ ساڵ داکۆکیکارانێکی بێرەحم و دواکەوتوو و کۆنەپەرستی وەك حەماس و حیزبولڵا و کۆماری ئیسلامیی هەیە. بێگومان، سەرەڕای هەمووی ئەوانە، موقاومەتی عادڵانەی نەتەوەیەك، بە ئاسانی تێکناشکێت.

***

ماڵپەڕە حیزبیەکان:
پەیام سایتێ سیاسی هەواڵنیری
www.payaam.net
حیزبی کومونیست ئیران
www.cpiran.org
کومە لە:
www.komalah.org
تشکیلات خارج کشور
www.k-kh.org

